گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری دیسکۆرسەکانی کولتووری لەسەر سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان

صالح عمر عیسی

بەشی سیستمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی ، زانستە سیاسیەکان زانکۆی صلاح الدین، هەولێر- عیراق

salihomarissa@yahoo.com

## پوختە

هەرێمی کوردستان چوار دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی، ئاینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی هەیە و لە دیالێکتیکی ئەو دیسکۆرسانە چەند رەگەزێکی وەکو باوەربوون بە چارەنووس و رزگارکەر، زهن گەرایی، رەهاگەرایی، بەرژەوەندیخوازی و گەران لە دوای دەرفەتەکان، گۆمان و پیلانگێری لە هەرێمی کوردستان دروست بووە. ئەم رەگەزانەش کاریگەریان لەسەر سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە تاوەکو سەرۆکی حیزبەکان دەسەڵاتێکی کاریزماتیکیان هەبێت، بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی بەشداری سیاسی  شوێن کەوتوویی بێت، نەبوونی روحیەتی مساومە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و حکومەت، سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتیش لە ناو داموودەزگاکانی حکومی تێك بشکێندرێن. ئەم توێژینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە نوخبەکان، رۆشنبیرەکان و سیاسەتمەداران بە شێوەیەك کار لەسەر ئەو دیسکورسانە بکەن هەتاوەکو تەواوکەری یەکتر کاریگەری ئەرێنیان لەسەر گەشەکردنی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبێت.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:١٠\٦\٢٠١٩**
**پەسەندکردن: ٢٠١٩/٧/١٦**
**بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢٠**

**ووشە سەرەکییەکان:**

Kurdistan Region _ cultural discourses_ Patrimonialism_ Modernity_ Democracy

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.02

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێشەکی

بە پێی گۆڕانکارییەکانی مێژوویی کە لە کۆمەڵگای کوردستان روویانداوە، دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی، ئاینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی پەیدابووینە و دیالێکتیکی ئەو دیسکۆرسانە سەنتێزەکانی کولتووری تایبەتیان لە ناو پانتای سیاسی دروست کردووە کە کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی هاوڵاتیان، حیزبەکانی سیاسی، سیستمی سیاسی و چۆنیەتی ئیدارەکردنی داموودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ئێستاش بەشداری هاوڵاتیانی لە ناو پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی بەشداری شوێنکەوتوویی لێکردووە و دەنگی خەڵك تەنیا بۆ ئەوە گرنگە کە لە هەڵبژاردنەکان بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان دەنگ بدەن و دەرفەتی کەمتر بە هاوڵاتیان دەدرێت کە بەشداری لە بڕیارەکانی سیاسی بکەن، بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست کردووە کە بەشێکی زۆر هاوڵاتیان لەسەر بنەمای بنەماڵەیی، خزمایەتی، عەشیرەتی، ناوچەگەری و ئاینی دەنگ دەدەن و کەمتر گرنگی بەپێوەری توانایی و لێهاتویی کاندیدەکان دەدەن. ئەو کەسانەی کە لە ناو حکومەتیش پۆستەکانی باڵا وەردەگرن زیاتر لەسەر بنەمای بنەماڵەیی، عەشایری، مەرایی کاری و شکاندنی خەڵکانی تر دەبێت، ئەمەش رێگری لەوە کردووە کە خەڵکانی شایستە لە جێگای گونجاو دابمەزرێن، گەندەڵی لە ناو داموو و دەزگاکانی ئیداری هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستیمان بە تێگەیشتنی زانستی لەسەر ئەو دیسکۆرسانەی کولتووری هەیە کە لەو رێگایە بتوانین پێشبینی زیاتری کردەوەکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەین و دەست نیشانی فاکتەرەکانی کولتووری ناسەقامگیری سیاسی و نەرێنی بکەین و رێگایەکانی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان بخەینەڕوو .

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستی دیراسەی لەسەر دیسکۆرسەکانی کولتووری کردووە و نیشان دەدات کە دیالێکتیکی ئەو دیسکۆڕسانە چۆن کاریگەری نەرێنیان لەسەر سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە تێگەیشتنی زانستی لەبواری کولتووری کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بخەینەروو تاکو فرەییبوونی دیسکۆرسەکانی کولتووری هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی باشتر بوونی سیستمی سیاسی و یارمەتیدەری پرۆسەی چاکسازی و کەمترکردنی گەندەڵیەکان لە داموو و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و سیستمی سیاسیش بەشێوەیەکی باشتر بتوانێت کار بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان بکات .

ئەو پرسیارە دەخرێتەڕوو کە کولتوور بە چ شێوەیەك کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە؟ گریمانەمان ئەوەیە کە سەنتێزیی دیالێکتیکی دیسکۆڕسەکانی کولتووری هەرێمی کوردستان دیاردەی مەرایی کاری، شکاندنی یەکتر بۆ گەیشتن بە پۆستەکانی ئیداری حکومی، نەبوونی روحیەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێبووردەیی و هاوکاری دروستکردووە و هاوڵاتیانیش لەناو پرۆسەی سیاسی بەشێوەی بەشداری شوێن کەوتوویی لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بە کاندیدەکان دەدەن و ئەمەش ڕێگری لەوە کردووە کە کەمتر خەڵك لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی بتوانێت دەسەڵات بەدەست بگرێت و گەندەڵی ئیداری لە ناو داموو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بڵاو ببێتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی دیسکۆرسی ئەنجامدراوە و شیکردنەوەی داتاکانیش لەسەر بنەمای میتۆدی چۆنیەتی موتەغییرەکانی زهنی و عەینی بووە.

**الف_ دیسکۆرسەکانی کولتووری هەرێمی کوردستان**

کولتوور ناسنامەی تاك و کۆمەڵ پێکەوە گرێ دەدات، کولتوور هەستی چارەنووسی هاوبەش لەناو کۆمەڵگا دروست دەکات و لەسەر ئەو بنەمایە رەغبەتی کردەوەکانی تاك و کۆمەڵ لە ناو کۆمەڵگا دروست دەکات. زانیاری لەسەر چوارچێوەی کولتووری یارمەتی ئێمە دەدات کە تێبگەین یەك کەس چ رەفتارێك دەکات و بۆ ئەو رەفتارە ئەنجام دەدات. ( کشاورز، 1375: 194) کولتوور کاریگەری لەسەر رەفتار و کرداری هاوڵاتیان و سەرۆکەکان لە ناو هەموو کۆمەڵگایەکان هەیە و دەتوانێت تاڕادەیەکی زۆریش دیار بکات کە رەفتار و کردارەکانیان لە داهاتووشدا بە چ شێوەیەك دەبێت، (بینگهام و آلموند، 1375: 27) ناوەڕۆك و رەگەزەکانی دەسەڵات سەر لەنوێ بەرهەم بێنێتەوە و لەو رێگایە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بکاتەوە و نۆرمەکانی سیاسی کۆنترۆڵ بکات و چۆنیەتی کردارەکانی دەسەڵاتیش شیکردنەوەی بۆ بکات. (مصلی نژاد، 1387: 2) لە ناو فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکا، کولتووری سیاسی بریتیە لە کۆمەڵەک لە تێڕوانینەکان، بیروباوەڕ و هەستەکان کە دیسپلین و مانا بە پرۆسەی سیاسی دەدات و ژێرخانی دەرفەتەکان و چوارچێوەی زاڵ بەسەر رەفتاری سیاسی دیار و دەستنیشان دەکات (Stills, 1972: 218).

لە ناو کۆمەڵگا کولتوور تەنیا لەناو چوارچێوەی یەك دیسکۆرس سنوردار ناکرێت، بەڵکو لەناو کۆمەڵگایەکدا چەندین دیسکۆرسی کولتووری هەیە و بەشێوەیەکی بەردەوامیش لە حاڵەتی گۆڕانکاری دانە (Engelke, 2018: 44). شتەکان و ڕووداوەکانیش لەناو دیسکۆڕسەکان مانا پەیدا دەکەن و خەڵك توانایی تێگەیشتن و ناسینی بۆ پەیدا دەکات. بۆ نموونە کاتێ کە لافاوێك روو دەدات، دیسکۆرسێك بەو شێوەیە باسی هۆکاری ئەو ڕووداوە دەکات کە هۆکاری خوا بووە، دیسکۆرسی تر باوەڕی بە ئەوە هەیە کە ئیدارەی خراپی داموو دەزگاکانی حکومییە کە بە شێوەیەکی گونجاو کاریان نەکردووە تاکو ئەو بارانە نەبێتە لافاو. ئەمە دیسکۆرسەکانن کە مانا بە واقعیەتەکان دەدەن و جیهانی کۆمەڵایەتی لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسە ماناسازی دەکەن (کسرایی و پوزش شیرازی، 1388: 341). واقعیەتەکان، ڕووداوەکان و ووشەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بە پێی گۆڕانکارییەکانی کە لە ناو دیسکۆرسەکان دەکرێت سەر لە نوێ ماناکانیان دروست دەکرێنەوە و گۆرانکاریان بەسەردا دێت (Selchow, 2017: 70_74). ئێمە لێرەدا چوار دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی، ئایینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی و تێکشکاندنی دیسکۆرسەکان باس دەکەین .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١_ دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی

لە روانگەی ماکس وێبر دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی هۆکارێکی گرنگە کە لە ناو کۆمەڵگا تایبەتمەندی گوێڕایەڵبوون دروست ببێت. یەك لە تایبەتمەندیەکانی تری ئەوەیە کە خەڵك ئەو چاوەڕوانیەی لە حکومەت هەیە کە وەکو باوك هەموو کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات، ئەمەش رێگری لە بەشداری راستەقینەی هاولاتیان دەکات (کشاورز، 1375: 193). لە ناو دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی سەنتەری هەموو کارەکان لە ناو ماڵی باوك بووە و ئەندامەکانی تر لاوەکی بوون، هەموویان ستایش و مەرایی کاریان بۆ باوك دەکرد. لە ناو خێزان لەبەر ئەوەی کە رۆڵێکی گرنگ بە منداڵەکان نەدەدرا زۆربەی تواناییەکانی منداڵەکان لە ناو دەبردران و خراپترین جۆری ئیستبداد و پێکدادانی لەگەڵ ئازادی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگا دروست دەکرد. بە شێوەیەك کە مرۆڤەکان لە ناو دەستی مرۆڤێکی خێرخواز وەکو کەرەستەیەك دەبوون بەو شکلەی کە پێی خۆشبوو دەریدێنان بەبێ ئەوەی کە گرنگی بە داخوازییەکانی ئەوان بدات. بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باش بووە خەڵکی بەرەو ئامانجەکانی خۆی دەبرد، واتا جەوهەری مرۆڤایەتی ئەوانی رەفز دەکرد و وەکو کەرەستەیەکی بێ ئیرادە بە شێوەیەکی خوارتر لە مرۆڤایەتی دەردێنان، هەر چەند کە زیاتر مەبەستی باشتر کردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بوو بێت (مشکات و فاضلی، 1395: 1393) .

بنەماڵەکان و خێزانەکان لە کوردستان یەکەمین و گرنگترین جێگا بووە کە کاریگەری لەسەر پەروەردە و کەسایەتی تاکەکان دروست کردووە. چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرۆکی خێزان تایبەتمەندی باوك سالاری لە ناو خێزانەکانی کوردستان دروست کرد کە بڕیاردەری سەرەکی لە ناو ماڵەکان باوك بوو و هەموو بەرژەوەندییەکانی دەسەلات بۆ ئەو بووە و ژن و منداڵەکان لەسەر بنەمای بڕیارەکان کاریان دەکرد کە لە دەرئەنجام باوك وەکو تاکێکی کە دەسەلاتی رەهای هەبوو دەردەکەوت و هیچ رێگرییەك لەبەر بڕیارەکانی نەدەبوو و لە بەرامبەر هیچ کەسێك وەلامگۆ نەبوو و هیچ کەس مافی پرسیارکردنی لێ نەبوو. باوك لە ناو خێزانەکان بڕیارەکانی لەسەر بنەمای لۆژیک دەر نەدەکرد، بەڵکو لەسەر بنەمای بەکار هێنانی هێز بووە، باوك لەسەر تەواوی کارەکانی کە پەیوەندیان بە ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ هەبوو زال بوو و خەڵکانی تری خێزان محکوم بوون. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەر یەك لە بەرامبەر ئەوەی لە خۆیان بەهێزترن گوێڕایەڵ بن و لەبەرامبەر ئەندامەکانی کە لە خۆیان بچوکتر و لاوازترن وەکو حاکم بن.

دوای دروست بوونی خێزانی گەورە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە گیان و مڵك و سامانەکانیان بکەن لە ناو خۆیان کە لە شوێنێکی جوگرافیایی لە یەکتر نزیك بوون، جۆرە رێکەوتنێکیان لەگەڵ یەکتر کرد و عەشیرەتیان دروست کرد و کەسێکیشیان وەکو سەرۆکی عەشیرەت دەستنیشان کرد کە ئەگەر کێشەیەك لە ناوخۆیان روو بدات ئەم کەسە بۆ چارەسەرکردنی بڕیاری کۆتای لەسەر دەدات و هەمووش گوێڕایەڵی بڕیارەکانی دەبن. ئەگەر کەسێك لە عشیرەتەکە کێشەی لەگەڵ کەسێکی عەشیرەتێکی تر هەبوا ئەو کات هەموو عەشیرەت لە بەرامبەر عەشیرەتی تر بەرگریان لێ دەکرد بێ ئەوەی کە گرنگی بە ئەمە بدرێت هەڵەکە لە لایان چ کەسێك بووە، لەبەر ئەوە زۆر جار لە مێژووی کۆمەڵگای کوردستان شەڕی عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتر روویانداوە.

ئەمەش دوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دروست کرد. حاڵەتی نەرێنی وەکو حاکم و مەحکومی لە ناو خێزان، تایبەتمەندیەکانی وەکو مەرایی کاری، بەڵێ قوربان گووتن، فرت و فێڵ، خیانت، درۆ گووتن و گەڕان لە دوای دەرفەتەکان، حالەتی ئەرێنی وەکو روحیەتی هاوکاری یەکترکردن، خۆشەویستی، یەکتر قبوڵکردن، گوێڕایەڵبوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەناو دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی کۆمەڵگای کوردستان دروست بوون.

پەیدا بوونی عەشیرەتەکان کاریگەری لەسەر ئەوە کرد کە کەسانی بەهێزی زۆر لە ناو کۆمەڵگای کوردستان پەیدا ببن و ئیستراکچری سیاسی دەسەڵاتخواز لە کوردستان دروست ببێت. لە ناو ئەو دیسکۆرسە کولتوورییە هەر کەسێك سێ رێگای لە پێشە، یەك: گوێڕایەڵی تەواوی دەسەڵات بێت و لە دوای دەرفەتەکان بگەڕێت بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە و بەرژەوەندییەکانی، دوو: بێ دەنگی لەگەڵ گاڵتە پێکردنی نهێنی لە دەسەڵات، سێ: تۆغیانی ناڕازیبوون لە دەسەڵات .

**٢ _ دیسکۆڕسی کولتووری ئایینی**

لە ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئایین هێزێکی گرنگی هەبوو، زانیارییەکانی زۆر کەم لە دەستی خەڵك دابوو و زۆربەی زانیارییەکان لە رێگای ئاینەوە بە خەڵك دەگەیشت، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن ئایین یەك لە فاکتەرەکانە کە رۆژ بە رۆژ بەشێوەکانی جیاواز کاریگەری لەسەر کولتووری گشتی کۆمەڵگا هەیە و بەشێوەیەکی خێراش لە گۆڕانکاری دایە و وەکو میراتێکی پێش کولتووری مۆدێرن لە ناو کۆمەڵگاکان هەبووە (اینگلهارت، 1395: 53) ئەگەرچی هەندێك لە تیۆرییەکانی کلاسیکی نوێگەرایی لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات باوەڕیان بەوە هەبوو کە ئایین و بەهاکان بەشێوەیەکی هێمن کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگاکان نامێنیت و لەناو دەچن، بەڵام سەلمێنراوە کە ئەوان حاڵەتێکی خۆگۆنجاندن و گەڕانەوەیان هەیە و لەناو ناچن (اینگلهارت و ولزل، 1394: 14).

زانایەکانی وەکو ماکس وێبر و دورکهایم و پاراتۆ باوەڕیان بەوە هەبوو کە ئایین کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری هەموو کومەڵگاکان هەیە (کشاورز، 1375: 173).
ماکس وێبر باوەڕی بەوە هەبوو کە ئایین کاریگەری لەسەر مێژووی ئابووری، سەرمایەداری، رۆڵی گروپەکانی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئەخلاقی ژیانی تاکەکان هەیە کە چۆن بیر بکەنەوە و رەفتار بکەن بۆ ئەوەی لەو دونیایەو دونیایی تر بتوانن لە خۆشی دابن (Etienne, 2018: 37_39). بۆ نمونە سیاسەتمەدارانی بریتانیا بە تایبەت تاچر زۆر بە باشی توانی کە تێکەڵیەك لە تێڕوانینەکانی خۆی و ئایین دروست بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەهێزتر بتوانێت پڕۆگرامەکانی خۆی جێبەجێ بکات (Crossley, 2018: 11_13).
لس بك و هاوکارانی لە ساڵی 2012 دراسەیان لەسەر کومەڵناسی کلتووری کردووە و بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە سەرەڕای بڵاوبونەوەی فکرەکانی دژی ئایینی، بەڵام رۆژ بەرۆژ کاریگەرییەکانی ئایینی لەسەر کۆمەڵگاکان زیاتر دەبێت (لس بك و دیگران، 1394: 265 _268)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیسکۆرسی ئیسلامی سیاسی رادیکال کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهانی بڵاوبۆتەوە دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتە دەکات (See: Lahouari, 2017 ). دیسکۆرسی ئایینی حاڵەتی کاریزماتیك لە ناو کۆمەڵگا دروست دەکات و خەڵك گوێرایەڵی پیاوەکانی گەورەی ئایینی دەبن (See: Ahmed, 2016).

ئایین هەر لە مێژووی کورد تاکو ئێستا گرنگیەکی زۆری لەناو کۆمەڵگای کوردستان هەبووە و هەرچەند کە زۆربەی خەڵکی کورد موسڵمان و شافعینە، خاوەنی تەریقەتی نەقشبەندی و قادرینە، هەندێکیشیان شیعەنە، بەڵام ئایینەکانی جۆراجۆر وەك ئێزدی، کاکەیی، شەبەك و زەردەشتیش هەنە. دیسکۆرسی کولتووری ئایینی بووە هۆی پەیدابوونی شێخەکان و پیاوەکانی تری گەورەی ئایینی و مریدەکانیان لە کۆمەڵگای کوردستان، مریدەکانیان بەبێ ئەوەی هیچ رەخنەیەکیان لێ بگرن بڕیارەکانی ئەوانیان جێبەجێ دەکرد، تاکو خوداوەند لە قیامەت پاداشتیان بداتەوە و بڕۆنە بەهەشت و ترسیان لەوە هەبووە کە ئەگەر بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ نەکەن دەڕۆنە جەهەنەم. ئەم جۆرە تەسەوڕ کردنەوە سەبارەت بە شێخەکان و پیاوەکانی گەورەی ئایینی لەلایەن مریدەکانیان حاڵەتێکی قداسەت و دەسەڵاتێکی کاریزماتیکیان پێ دەدا، خەڵك زەکات و هەندێك لە سەروت و سامانەکانشیان بە ئەوان دەدا تاکو خوا لە قیامەت پاداشتیان بداتەوە لەبەر ئەوە بارودۆخی ئابووریان لە موریدەکانیان باشتر بوو.

دیسکۆرسی کلتووری ئایینی لە هەرێمی کوردستان تاکێکی بەرهەم هێنا کە هەر شتێکی کە لەلایان شیخەکان و پیاوەکانی ئایینی بگوترێت بەشێوەیەکی ڕەها باوەڕی پێ بکەن، موریدەکان زیاتر کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە شێخەکان و پیاوەکانی ئایینی لێیان رازی بن. هۆکاری هەموو ڕووداوەکانیش بۆ خوداوەند دەگەڕاندەوە، خەڵك باوەڕیان بە قەزا و قەدەر، قسمەت و نصیب و قەناعەت کردن بەو شتانەی کە خوا پێیانیداوە هەبوو.

**٣_ دیسکۆرسی کلتووری مۆدێرن**

زلهێزەکانی ئەوروپی بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا لەسەدەی بیستەم بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەستیان بەسەر ناوچەکانیتردا دەگرت و هەوڵیان دەدا کە کلتووری خۆشیان بە ناوی کلتوورێکی مۆدێرن بڵاو بکەنەوە و (Alberto, Toro, 2016: 94)بەسەر کولتووری سوننەتی کۆمەڵگایەکاندا زاڵ ببن. بۆیە زانایەکانی قۆتابخانەی نوێگەرایی ئەوەیان دەخستەڕوو کە بۆ بەدیهاتنی نوێگەرایی لە ناو کۆمەڵگاکانی سوننەتی دەبێت سیستەمەکانی بەها و قیمەکانیان تێك بشکێنرێت (مکی و ملکی، 1386، 102) هەر چەند کە گەشەکردنی ئابووری بنەمای ژیانی مادی و ستراکچری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت (اینگلهارت و ولزل: 1394)، بەڵام تێگەیشتنی خەڵك لە ئازادییەکانی تاك زیاتر ناکات، چونکە کۆمەڵگای پیشەیی ئەو کات بۆ بەرژەوەندییەکانی پێویستی بە دیسپلینێکی سیستماتیکی مرۆڤەکان بۆ رێکخستنیان هەبوو، بەتایبەت کرێکارەکان لە ناو کارخانەکان چینێکی کۆمەڵایەتی یەکسان بوون و خاوەن کارخانەکان بەشێوەیەکی ورد چاودێریان دەکردن و گووشاریان لەسەر دروست دەکردن کە بە پێی رێکەوتنەکەی کە لەگەڵیان کردبوون کاریان بۆ بکەن. ژیان لە ناو کۆمەڵگاکانی پیشەیی بەشێوەیەکی یەکدەست رێکخرا بوو، ئەمەش ئازادییەکانی تاکەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمتر دەکرد (اینگلهارت و ولزل: 1394)، بەڵام ئێستا بەپێی گۆڕانکارییەکانی کە لەسەر ئاستی جیهانی کراوە بوویتە هۆی ئەوەی کە گۆڕانکاری لەناو تێڕوانینەکانی مۆدێرنیتەش لەگەڵ رابردوودا بکرێت . (Alberto, Toro, 2016: 100_101)

دیسکۆرسی کولتووری مۆدێرن پاذتایەکی نیمچە مۆدێرنیستی رۆژئاوایی لە نوێبوونەوە و نوێگەرایی بەمەبەستی تەقلیدکردن لە رەفتاری رۆژئاوا و گۆڕانکاری لە شتەکان بەشێوەیەکی شکلی دروست کرد کە جۆرە دیالێکتیکی لەگەڵ کلتووری پاتریاکی و ئایینی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دروست کرد. سەنتێزی ئەم دیالێکتیکە بووە هۆی لە دایکبوونی ناسیونالیستی کوردی کە هەندێك لە سەرۆك عشیرەتەکان، پیاوەکانی ئایینی و خەڵکانی خوێندەوار بۆ گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بزاڤ بکەن و هەندێکیان حیزبی سیاسیش دروست بکەن، بەڵام هەر یەك بە تێگەیشتنی خۆی پێناسەی ناسیونالیستی کوردی و مافەکانی گەلی کوردی دەکرد، هەندێك لە پیاوەکانی ئایینی و سەرۆك عشیرەت لەگەڵ تێکەڵکردنی داب و نەریتی کوردی، ئایین و مۆدێرنیسم هەوڵی ئەوەیان دەدا کە کار بۆ ناسیونالسیتی کوردی و مافەکانی بکەن، هەندێك لە خوێندەوارەکان تەسەوری رۆمانتیکیان لەسەر ناسنامەی کوردی بە شێوەیەکی داب و نەریت، ئایین و واقعیەتەکانی مێژوویی نەبوو، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەوانە رەفز بکەن و تەنیا لەسەر بنەمای مۆدێرنیسم داوای مافەکانی گەلی کورد بکەن. ئەم نوێگەڕاییە بنەمای دژایەتی کردنی ئەم دوو لایانەی لە ناو کۆمەڵگای کوردی دروست کرد. دیالێکتیکی ئەو دیسکۆرسانە دوو بزاڤی جیاوازی لە ناو کۆمەڵگای کوردی بەرهەم هێنا. بزاڤێکی رزگاریخوازی کوردی لەسەر بنەمای داب و نەریت، ئایین و مۆدێرنیسم، بزاڤێکی تر لەسەر بنەمای رەفز کردنی داب و نەریت و دروست کردنی کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای ئەفکاری چەپی.

دیسکۆرسی کولتووری مۆدێرن کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریکردن لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵایەتی، تێڕوانینی خەڵك بۆ ئایین و ژیانی ئابووری کۆمەڵگای کوردستان دروستکرد و بەشێکی زۆری خەڵك بۆ گوزەرانی ژیانێکی باشتر بەرەو شارەکان برد. کولتووری ژیانی شاری لە کوردستان بەرەو زیاتر بوون برد کە لەگەڵ کولتووری ژیانی گوندی جیاوازی هەبوو و شارەکانی گەورەشی لە کوردستان پەیدا کرد.

**٤ _ دیسکۆرسی کولتووری دیمۆکراسی**

لە ناو دیسکۆرسی دیمۆکراسی بە تایبەت تیوری زانایەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەکو تۆماس هۆبز، جۆن لۆك و جان جاك رۆسۆ باس لەوە دەکەن کە هەموو مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەکتر یەکسانن (Marcel, Armen 2017: 34) ، مەشروعیەتێکی مەدەنی کە لەسەر بنەمای جیهان بینی دونیایی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یاساکانی کە مرۆڤەکان دایناوە دروستکردووە کە بنەماکانی مەشروعیەتی ژێر سێبەری خوداوەندی سستکردووە و لە رۆژئاوا پەیدا بووە و بەرەو رۆژهەڵات هاتووە (کشاورز، 1375: 185). تیۆرییەکانی دیمۆکراسی دەتوانین دابەشی دوو دەستە بکەین: تیۆرییەکانی کە گرنگی بە بەشداری هاوڵاتیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەدەن وەکو جان جاك رۆسۆ، تیورییەکانی تری وەکو جۆن ئیستوارت میل کە گرنگی بە هەبوونی دەرفەتەکانی یەکسان بۆ زۆرینەی هاوڵاتیان دەدەن تاکو بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی سیاسی هەبێت. ئەمەش لەڕێگای ناسەنتڕال بوونی دەسەڵات و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ دەسەڵاتەکانی لۆکالی دەبێت، بەو شێوەیە دەرفەتی یەکسان بۆ زۆرینەی هاوڵاتیان دەرەخسێت کە کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی سیاسی هەبێت (کشاورز، 1375: 190).

دیمۆکراسی بە شێوەیەك ئەندازیاری مرۆڤەکان دەکات کە گرنگی بە مافەکانی تاکەکان بدرێت و ئازادی زیاتریان بەرامبەر دەسەڵات هەبێت، بەرامبەر یاساکان یەکسان بن، دەرفەتی یەکسانیان لەهەموو بوارێك هەبێت و حکومەت کەمتر لەناو کاروباری کۆمەڵگا تەداخول بکات. (Mearsheimer, 2018: 66_67) فاکتەرەکانی کە لە ناو دیسکۆرسی کولتووری دیمۆکراسی گرنگیان هەیە، هەبوونی فەزایەکی ئارام بۆ ئەوەی خەڵك بەشێوەیەکی ئاشتیانە بتوانێت لەگەڵ یەکتر بژیت، مامەڵەکردنی ئەفکارەکانی جیاواز لە یەکتر (کشاورز، 1375: 184 و 185). چەمکەکانی گرنگی کە لە ناو دیسکۆرسی دیمۆکراسی جێگایان پەیدا کردووە، شمولی قانون گەرایی، ئازادی تاك، دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو دەسەڵاتی دادوەری، یاسادانان و جێبەجێکردن، هەڵبژاردنەکان و هەبوونی شەفافیەت لە ئیدارەکردنی دامودەزگاکان (مصلی نژاد: 1378).

دیسکۆرسی کولتووری دیمۆکراسی دوای راپەرین لە ساڵی 1992 لە هەرێمی کوردستان سەریهەڵدا، بۆ یەکەمجار بوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بەڵام دوای دوو ساڵ شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد و بووە هۆی ئەوەی کە دوو ئیدارەی حکومی هەولێر و سلێمانی دروست بکرێت و کێشە بۆ گەشە کردنی دیمۆکراسی دروست بوو، بەڵام لەدوای ساڵی 2003 کە عێراق لە دەستی رژێمی بەعس رزگار کرا، لە ناو فەزایی نوێ سیاسی عێراق پارتی و یەکێتی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ناچار بوون کە پێکەوە کار بکەن و ئیدارەیەکی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان دروست بکەنەوە، ئەمەش پانتایەکی گونجاوی بۆ گەشە کردنی دیمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان روخساندەوە، چەندین هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کران و حکومەتەکانی تەوافوقی لە نێوان لایەنەکانی سیاسی دروست بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو دیسکۆرسەی کولتووری تا رادەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەری دیسکۆرسی کولتووری پاتریاکی و ئایینی دابووە بوویتە هۆی ئەوەی کە تێروانینی رای گشتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ چەمکەکانی دیمۆکراسی جیاواز بێت لەو چەمکانەی کە لە ناو دیسکۆرسی دیمۆکراسی رۆژئاوایی دایە و کێشەی بۆ جێگر بوونی دیسکۆرسی راستەقینەی کولتووری دیمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

### ٥_ تێکشکاندنی دیسکۆرسەکانی کولتووری

دیسکۆرسەکانی کولتووری حاڵەتێکی دینامیکیان هەیە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندانە، بۆیە تێگەیشتنی ئێمە لە کولتوور دەبێت لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکان بێت (بینگهام و آلموند، 1375: 31). بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێی تیوری لاکلاو و مۆفە گۆڕانکارییەکانی دیسکۆرسی لەژێر کاریگەری دژایەتی لە نێوان دیسکۆرسەکان روو دەدات. پەیوەندی نێوان دەسەڵات و دیسکۆرسەکانیش کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاری دیسکۆرسەکان هەیە (خواجە سروی و رادفر، 1396: 11) کە شێوەکانی نوێی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و وشەکان دروست کردووە، تێگەیشتن لە چەمکی وشەکان و ئامانجەکان لە ناو سەنتێزی دیسکۆرسەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. رابردووی ئێمە رۆڵێکی تر لە بەرامبەر بارودۆخی ئێستای ئێمە گەمە دەکات و بویتە هۆی ئەوەی کە چەمکەکانی نوێ کە لە ناو کۆمەڵگا پەیدابوینە ماناکانی راستەقینەیان لەدەست بدەن (Clayton, 2018: 206_209).

لە هەرێمی کوردستان دژایەتی لە نێوان دیسکۆرسەکانی کولتووری پاتریاکی، ئاینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی هەیە و هیچ دیسکۆرسێك بە تەنیا لەسەر کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان زاڵ نیە و زۆر لە رەفتارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری تاکەکان لە ژێر کاریگەری ئەم دیسکۆرسانە دایە. لەبەر ئەوە مانای زۆر لە ووشەکان و چەمکەکانی نێوان دیسکۆرسەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. بۆ نمونە زۆرجاریش لە جیاتی ئەوەی دادگا بڕیار لەسەر کێشەکان بدات، بە شێوەیەکی عەشایری کێشەکان چارەسەر دەکرێن، ئەو کەسانەی کە لە خێزانەکانی گەورەنە و پارەیان هەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن و خەڵکانی هەژاریش ناتوانن. لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری بەهێز هەموو تاکێك لە بەرامبەر یاسا یەکسان نیە، ئازادی راگەیاندن شێوەیەکی نیمچە دیمۆکراسی لە خۆ گرتووە و زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن هەوڵی ئەوە دەدەن تاوەکو کۆمەڵگای کوردستان لە واقعیەتەکان دوور بکەن، یان کەسایەتی تاکەکان پێی بشکێنن بێ ئەوی گرنگی بە جەوهەری کاری راگەیاندن بدەن وەکو ئەوەی کە لە ناو سیستەمەکانی دیمۆکراسی هەیە. دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتیان نیە، خەڵکانی دەوڵەمەند و منداڵەکانی سەرۆك عەشیرەتەکان و شێخەکان و بنەماڵەکانی بەهێز دەرفەتی باشیان هەیە، بەڵام منداڵەکانی عائیلەخێزانە هەژارەکان دەرفەتی کەمتریان لە بەردەم دایە. ئابوورییەکی شبە لیبرالیسمی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە کە چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگای زۆر لەگەڵ یەکتر جیاواز کردووە. سەرمایەدارەکانی هەرێمی کوردستان لەجیاتی ئەوەی کاری بەرهەمهێنان بکەن، زیاتر کەل و پەلەکان هاوردە دەکەن، ئەمەش کێشەی زۆری لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دروست کردووە.

گۆڕانکارییەکانی گرنگ کاریگەریان لەسەر جیاوازی لە نێوان نەوەکانیش دروست کردووە، چونکە نەوەی نوێ یا گەنجەکان کەمتر لە ژێر کاریگەری دابونەریتەکانی رابردوو دانە و بە ئاسانتر لە خەڵکانی بە تەمەن گۆڕانکارییەکانیان قبوڵ کردووە، تەمەن جیاوازی وردە کولتووری دروست کردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر لێکترازانی تەمەنی کردووە. پێویستە ئێمە وێنەیەك لە خۆمان لەسەر بنەماکانی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری دروست بکەین کە لەگەڵ دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بگونجێت و لە نێوان دیسکۆرسەکانی کۆن و نوێی ئێمە دژایەتی دروست نەبێت، بەڵکو دیسکۆرسەکان وەکو تەواوکەری یەکتر کار لەسەر گەشە کردنی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بکەن .

**ب _سەنتێزی دیسکۆرسەکانی کولتووری کۆمەڵگای کوردستان**

تێڕوانینەکانی جیاواز لە ووشەی کولتوور لە ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان هەیە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر شتە جیاوازەکانی وەکو زهن، رەفتار، سمبوڵەکان، ئێستۆرەکان و تەواوی شتەکان دەکەن کە کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە (اريك لين و واگشتال، 1394: 20). هەر دیسکۆرسێك کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری کردن لە دیسکۆرسەکانی تر هەیە، بە تێکەڵکردنی ڕەگەزەکانی جیاواز لە دیسکۆرسەکانی جیاواز سەنتێزێکی دیسکۆرسی نوێ پەیدا دەبێت. دیسان ئەو سەنتێزە نوێیەش دووچاری گۆڕانکاری دەبێت، هەروەها لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری گۆڕانکاریان بەسەردا دێت (خواجە سروری و رادفر، 1396: 13). لە هەرێمی کوردستانیش لەبەر سەنتێزی دیسکۆرسەکان چەند ڕەگەزێکی گرنگی تایبەتی باوەڕبوون بەچارەنووس و رزگارکەر، زهنگەرایی، ڕەهاگەرایی، بەرژەوەندیخوازی و گەڕان لە دوای دەرفەتەکان، گومان و پیلانگێڕی دروست بووە.

**١ _ باوەڕبوون بە چارەنووس و ڕزگارکەر**

جیاوازی لە نێوان کولتووری رۆژئاوایی لەگەڵ کولتووری رۆژهەڵاتی سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ ڕووداوەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سروشتی هەیە. رۆشنبیرەکانی رۆژئاوایی هەوڵی تێگەیشتنی ڕووداوەکان لەسەر بنەمایی عەقڵ، لۆجیك و بەڵگەهێنانەوە دەدەن، رۆشنبیرەکانی رۆژهەڵاتی هەوڵی تێگەیشتن لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ناوخۆی زهن دەدەن، بۆ سەلماندنی ئەمەش دەگوترێت کە تەواوی ئایینەکان لە رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا رۆیشتووە لە کاتێکدا کە فەلسەفە و زانستی نوێ لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات هاتووە (کاظمی، 1382: 140). یەکێک لە کێشەکانی سەرەکی فکری نوێگەرایی لە کولتووری سیاسی کۆمەڵگای کوردی بۆ فکری رۆژهەڵات و تێڕوانینی باوەڕ هەبوون بە چارەنووس، قەزا و قەدەر دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی تەسەوف و عیرفانی گرنگی بە ئایین دەدات و حاڵەتێکی داخراوی لە فکری تاك سەبارەت بە ڕووداوەکان دروست کردووە (کاظمی، 1382: 140).

دیسکۆرسی پاتریاکی و ئایینی بەشێوەیەك تاکی کوردستانی بەرهەمهێناوە لە جیاتی ئەوەی کە باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبێت و کار بۆ ڕزگار کردنی لە کێشەکان بکات، چاوەڕوانی ئەو دەکات کە کەسێکی بەهێزتر لەو بێت و ڕزگاری بکات. هەر بۆیەشە کە تاك تێڕوانینی بۆ زۆربەی کێشەکان ئەوەیە کە حکومەت هەموو کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات و بژێوی ژیانیشی بۆ دابین بکات، بەڵام لە ناو رۆژئاوا تاکێك بەرهەم هاتووە کە ئەوان بە پێدانی باجەکان حکومەتەکانیان ئیدارە دەکەن و حکومەتەکانیش لەسەر بنەمای ئەو باجانەی کە وەردەگرن خزمەتگوزاری پێشکێشی هاوڵاتیانیان دەکەن. ئەم باوەڕبوونە بە چارەنووس و ڕزگارکەر کێشەی بۆ کەرتی تایبەت و سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

**٢ _ زهن گەرایی**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە روانگەی دوو فەیلەسوفی گەورە ئەفلاتون و ئەرستۆ واقعیەتەکانی کردار و رەفتاری سیاسی تاکەکان بەشێوەکانی جیاواز لە ژێر کاریگەری حاڵەتەکانی جیاوازی زهن دایە. لەبەر ئەو هۆکارە بۆ تێگەیشتنی دروستی رووداوەکانی سیاسی پێویستیمان بە تێگەیشتن لە حاڵەتەکانی زهن هەیە، چونکە کاریگەریان لەسەر سەقامگیری یا ناسەقامگیرییەکانی کۆمەڵگا هەیە (گل محمدی، 1386: 133). کولتوور، باوەڕەکان، دابونەریتەکان وەکو ئەمرازەکانی نەرمی زهنن کە بە جێگیربوونیان لەناو زهنی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوان دەتوانن شیکردنەوەی زۆر لە نیشانەکان لە ناو کۆمەڵگاکانیان بەشێوەیەکی یەکسان ئەنجام بدەن. لە سەر ئەو بنەمایە کولتوور ماناسازی، بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکان لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناو کۆمەڵگا دروست دەکات. ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی چەمکی خۆیان لە تێگەیشتنەکانی زهنی تاکی مرۆڤەکان وەردەگرێت و ئەو تێگەیشتنانەش بەشێوەیەکی هێمن پێوەرەکانی گشتی دروست دەکەن، لەو زهنیەتانە و نۆرمەکانی جیاواز لە پرۆسەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە چوارچێوەیەك یەك مانای هاوبەشی لێ دروست دەکرێت، واتا کولتوور کاریگەری لەسەر زانین و تێگەیشتنی خەڵك هەیە (Wilson, 1992: 11).

تاکەکان هەموو رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان لەسەر بنەمای زهنی خۆیان شی دەکەنەوە. هەر کات ئامانجەکان و هیوایەتەکانی تاکەکان گۆڕانکاریان بەسەر هات، خەڵك هەست دەکەن کە پێویستە سیستمی سیاسیش بە پێی پێداویستیەکانی نوێی ئەوان خۆیان بگونجێنن، تەنانەت تاکەکان لە ناو سیستمەکانی دیمۆکراسیش لەسەر بنەمای زهنیەتی خۆیان دەنگ بە ناوزەدەکان لە هەڵبژاردنەکان دەدەن. بۆیە لە روانگە سیاسی گرنگە کە تاکەکان بە چ شێوەیەك رووداوەکان تەفسیر دەکەن، تێگەیشتنی کولتووری کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە بزانین تاکەکان بە چ شێوەیەك بیر دەکەنەوە (خبیری، 1378: 74) .

زهنیەتی تاکەکانی کۆمەڵگا فۆرمی چوارچێوەی فەزایی سیاسی و بنەماکانی سیاسی دیار دەکات، بەو مانایەی زهنیەتی تاکەکان دیار دەکات کە چ شتێکی کۆمەڵایەتی، روحی و مادی لە ناو کۆمەڵگاکان گرنگن کە لە ناو کۆمەڵگا شەری لەسەر بکرێت و چ چوارچێوەیەکی فەرمی یا نافەرمی لەسەر ئەو فەزایە زاڵە. بۆ نموونە لە ناو کۆمەڵگایەك کە زهنیەتی توندوتیژی هەبێت، ئیحتمالی زۆر هەیە کە هاوڵاتیانی بەشێوەی جۆراجۆر بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان دەست لە توندوتیژی بدەن .

لەکاتی دانانی سیاسەتی گشتی حکومەتەکان گرنگی بە ئەوە دەدەن کە خەڵك گرنگی بە چ دەدەن و لە زهنی ئەوان کۆمەڵگای باش دەبێت بە چ شێوەیەك بێت. گرنگی دانانی سیاسەتی گشتی وڵاتان لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە و چەمکەکانی ئەمنیەت، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و هتد لە ناو سیستمەکانی سیاسی لەسەر بنەمای زهنیەتی تاکەکانی کۆمەڵگایەکانیان لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە (کشاورز، 1375: 194) .

سەنتێزی دیسکۆرسەکانی کولتووری لە هەرێمی کوردستان لە ناو فەزای سیاسی دەستەگەری، فێڵبازی، پیلانگێری لە دژی خەڵکانی تر، پەنابردن بۆ خەڵکانی بێگانە بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکەکان لە دوای شکاندنی یەکترن، بەکار هێنانی توندوتیژی و لەناوبردنی یەکتری دروست کردووە. زهنیەتی درۆ گوتن و مەرایی کاری بەشێوەیەکی زۆر لە ناو فەزای سیاسی هەرێمی کوردستان بڵاوبوێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکان پلە وپایە و بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن. لەبەر ئەوە ئەمنیەت و دژایەتی کردنی گەندەڵی ئەمڕۆ لە ناو زهنی تاکەکانی کوردستان گرنگیەکی زۆریان هەیە، چونکە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە زهنیان هەست بە ئێش و ئازارێکی زۆر دەکەن لە دەستی خەڵکانی بێگانە، گەندەڵی و فەسادی ئیداری لە لایەن بەرپرسەکانی حیزبی و حکومی کە زۆر کێشەیان بۆ سەروەت و سامانی نیشتیمانی و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتانە پێویستە تاکی کورد سەر لە نوێ گۆڕانکاری لەناو زهنیەتی سەبارەت بە سیاسەت، ناسیونالیستی کوردی، پلە و پایە و مرۆڤایەتی بکاتەوە.

### ٣_ ڕەهاگەرایی

ڕەگ و ریشەی ڕەهاگەرایی لە بە هەڵە تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە بیروباوەڕەکانی ئایینی دروست بووە. ڕاستە کە ئایین پەیامی ئیلاهیە و بەشێوەیەکی ڕەها هاتووە، بەڵام تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ ئایین جیاوازی هەیە و بەشێوەیەکی ڕەها نیە، نابێت هیچ کەس تێگەیشتنی خۆی بەشێوەیەکی ڕەها بە دروست ببێنێت و ئەوانی تر هەمووی ڕەفز بکات. بۆ نمونە لە ناو موسڵمانەکان سوننە و شیعە هەنە، لە ناو سوننەکان شافیعی، مالکی، حەنەفی، حەنبەلی، سەلەفی و هتد هەنە، لە ناو شیعەکان شیعەی دوازدە ئیمامی، زەیدی، عەلەوی و مەرجەعە تەقلیدەکانی جیاواز هەنە کە هەر یەك لەسەر بنەمای تێگەیشتنی خۆی تەفسیری ئیسلام دەکات، لە ناو ئایینەکانی تریش تەنیا یەك تێگەیشتن بۆ ئایین نیە. لێرەدا ئێمە ناتوانین بە ڕەها بڵێین کە تێگەیشتنی یەك لە ئەوانە بۆ ئایین دروستە و ئەوانی تر هەموویان هەڵە دەکەن.

کولتووری بە ڕەها دیتنی شتەکان لە بوارەکانی جۆراجۆر کێشەی بۆ کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دروست کردووە و بویتە هۆی دیتنی شتەکان بە شێوەیەکی صفر یا سەد، بەو مانایەی کە شتەکان هەمووی قبوڵ بکرێت، یانیش هەمووی بە تەواوەتی ڕەفز بکرێن، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان خەڵکانێك بە تەواوەتی مۆدێرنیسم ڕەفز دەکەن و بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری دابونەریتەکانی کوردی دانە وخەڵکانێکیش بەشێوەیەکی تەواو مۆدێرنیسم قبوڵ دەکەن، بەتایبەت خەڵکانێکی کە دەچنە دەرەوە و پێشکەوتنی وڵاتەکانی تر دەبینن، یانیش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێشکەوتنی دەوڵەتەکان دەبینن، دووچاری حاڵەتێکی ڕەهاگەرایی دیتن دەبن و بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە کە ئێمە هیچ پێش نەکەوتووین و هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کولتوور، دابونەریتەکان یان ئایینی ئێمە و دەبێت هەمووی ڕەفز بکەین و پێویستە خۆمان وەکو ڕۆژئاوا بگۆڕین تاکو ئێمەش پێش بکەوین، ئەمەش لە واقیعدا تێڕوانینێکی ڕەهاگەرایی دیتنی شتەکان بەشێوەیەکی صفر یا سەدە کە کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە. لە ناو پرۆسەی سیاسیش چەند حیزبێکی کە پێکەوە حکومەتێکی یەکگرتوو بە تەوافق پێك دێنن بە تەواوەتی بەرگری لە هەموو کارەکانی حکومەت و گەندەڵیەکانی بەرپرسەکانی دەکەن و بە تەواوەتی دژایەتی ئۆپۆزیسیۆنیش دەکەن و ئەو حیزبەش کە ناچێتە ناو حکومەت و دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوی هەموو کارەکانی دەسەڵات ڕەفز دەکەن و کارەکانی باشی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتیش بەخراپی باس دەکەن و بەگشتی کاریان تەنیا ئەوەیە کە بە خراپە باسی کارەکانی حکومەت بکەن. ئەم کولتوورەی بە رەها دیتنی شتەکان کێشەی زۆری بۆ پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و رێگری لەوە کردووە کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەناو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان وەکو تەواوکەری یەکتر کار بکەن .

سەرەڕای ئەوەی کە تاکگەرایی لەناو رۆژئاوا وەکو یەك لە فاکتەرەکانی گرنگی گەشەکردن دەژمێردرێت و ئەو وەکو بنەمای ئیرادەی هاوڵاتیان لە پرۆسەی دروستبوونی گرووپەکانی سیاسی دادەنێن(کاظمی، 1382: 142)، بەڵام رەهاگەرایی کاریگەری لەسەر ئەوە دروست کردووە کە تاکگەرایی لە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە تاکڕەویی دروست بکات و کێشە بۆ لێکتێگەیشتن، مساومەکردن و یەکتر قبوڵکردن لەناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دروستکردووە. فاکتەرێکی گرنگیش بووە بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان.

### ٤ _ بەرژەوەندیخوازی و گەران لە دوای دەرفەتەکان

لەبەر ئەوەی کە لە ناو سیستمی ئیداری هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی کارێکی سادەی ئیداریش پێویستی بە واژوو و رۆتینیاتی ئیداری زۆر هەیە. هاوڵاتیان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان پەنا دەبنە بەر رێگایەکانی بەرتیلدان، واستەکردن، مەرایی کاری و...هتد، تاکو کارەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت. ئەو رۆتینیاتی ئیداریە جۆرێك لە نائومێدی لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت دروستکردووە و هاوڵاتیان سەرپێچی یاساکان دەکەن و لە دوای دەرفەتەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان دەگەڕێن و جۆرە نەخۆشیەکی کولتووری لە ناو کۆمەڵگا دروست کردووە و ئەخلاق، بەها و قیەمەکانی کۆمەڵگا بەرەو لاواز بوون رۆیشتووە (کاظمی، 1382: 169). تاکەکان بە هێمنی ناسنامەی خۆیان لە دەست دەدەن و شان و پێگەیان لە ناو کۆمەڵگا بە پێوەرەکانی ماددی دیار دەکرێن و رێز گرتن بۆ یاساکان، بەها و قیەمەکانی کۆمەڵگا کەمتر بووە و رەفتارەکانی ناتەندروست لە دژی نۆرمەکان لەناو کۆمەڵگا بڵاوبوینەوە و کۆمەڵگا بەرەو حاڵەتێکی ئانۆمی و پەرێشانی دەچێت و بە ئاسانی ناتوانێت خۆی لەو حاڵەتە دەرباز بکات (کاظمی، 1382: 171). لەبەر ئەوەی کە یاسا لەسەر بەرپرسەکانی حیزبی و حکومی، سەرۆك عەشیرەتەکان و شێخەکان کەمتر جێبەجێ دەکرێت و کەمتر سزا دەدرێن، ترسیان لە یاسا شکاندن کەمتر بووە و لەبەر باوەڕ بوونیان بە ئایین، دابونەریتەکان رێگری لە ئەنجامدانی کارەکانیان نەکرێت، بۆیە ئەوان بە هەر نرخێك تەنانەت بە پێشلکردنی یاساکان، دابونەریتەکان و نۆرمەکانیش بێت هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان دەدەن و وێژدانی هەستیار بوونیان بەرامبەر بە یاساکان لە دەست داوە (کاظمی، 1382: 172).

دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان پەیوەندیان پێکەوە گرێ دراوە و هەر کەسێك کە دەسەڵات بەدەست دەگرێت دەرفەتی زۆری بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی دابین بکات، خەڵکانی تر کە دەسەڵاتیان نیە دەرفەتی کەمتریان هەیە تاکو بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن (Marcel, Armen 2017: 31_333 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە زۆر خەڵك لە هەرێمی كوردستان هەوڵی ئەوە دەدەن دەسەڵات بەدەست بگرن تاكو بەرژەوەندییەكانیان دابین بكەن، نەك بۆ ئەوەی كە هەست بە بەرپرسیاریەتی بكەن و كار بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان بكەن. بەشێكی زۆر لە نۆخبەكانیش لە ناو ئەو فەزایەدا بۆ ئەوەی بتوانن كەڵك لە دەرفەتەكان وەربگرن و بەرژەوەندییەكانیان دابین بكەن هەر رۆژێك پێویستیان بە گۆڕینی جۆرە رەنگێك هەیە. سەركەوتنەكان لە ناو پانتای سیاسی و كومەڵایەتی لەسەر بنەمای پەرەدان بە توانایەكان نیە، بەڵكو زیاتر لەسەر بنەمای شكاندنی خەڵكانی تر، فرت و فێڵ و مەرایی كارییە، بۆیە كاتێك كە بەرپرسەكانی حكومی و حیزبی باسی پرۆگرامێك دەكەن زۆربەی خەڵكی كۆمەڵگا باوەڕی پێ ناكەن و بەو شێوەی بیر دەكەنەوە كە پرۆگرامەكانیان وەكو تاكتیكێكی سیاسییە بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەكی شاراوە و بەرژەوەندییەكانی شەخسی و پرۆگرامەكانیان بۆ بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگا نیە (ربانی و شایگان فرد، 1389: 132).

## ٥ _ گومان و پیلانگێری

گومان و پیلانگێری لە تێڕوانینی نێگەتیفی هاوڵاتیان لە ناو كۆمەڵگا دروست دەبێت، تیوری گومان و پیلانگێری فەزایەك لەناو كۆمەڵگا دروست دەكات، كە خەڵك هۆكاری هەموو كێشەكانی خۆی لەلایەن خەڵكانی تر تەماشا دەكات و تەسەوڕ دەكات كە هەموو كێشەكانی لەبەر پیلانگێری خەڵكانی تر لە دژی ئەو پەیدا بوونە، ئەگەرنا هیچ كێشەیەكی نەدەبوو تێڕوانینی گومان و پیلانگێری بۆ شتەكان بێ متمانەیی لە ناو كۆمەڵگا زیاتر دەكات و كێشە بۆ فەزایی سیاسی كۆمەڵگا دروست دەكات (Rosenblum, 2019: 82 .(Muirhead,

گومان و پیلانگێری لەبەر دژایەتی دیسكۆرسەكانی كولتووری لەگەڵ یەكتر لە ناو كۆمەڵگای هەرێمی كوردستان دروست بووە. ئیحتمالی هەیە كە بەشێوەیەكی راستەقینە تا رادەیەك كێشەكانی تاكەكان لەبەر پیلانگێری خەڵكانی تر لە دژیان بێت و بۆیان دروست كرا بێت، چونكە فەزایەك لەناو كۆمەڵگای هەرێمی كوردستان دروست بووە كە بەشێكی زۆر لە خەڵك بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە و بەرژەوەندییەكانیان هەوڵی شكاندنی یەكتر دەدەن، بەڵام ناتوانین بڵێین كە پیلانگێری بەتەنیایی سەرچاوەی هەموو كێشەكانی تاكەكانە كە هەیانە لەبەر ئەوە نەیانتوانیوە پێشبكەون، بێ گومان زۆر لە كێشەكانیش بۆ خودی تاكەكان دەگەڕێتەوە كە وەكو پێویست لەسەر تواناكانی خۆیان كاریان نەكردووە تاكو بتوانن پێش بكەون، تێڕوانینی پیلانگێری و گومان لەناو فكری هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان رێگری لە روحیەتی هاوكاری یەكتر كردن دەكات و تاكەكان بۆ سەركەوتنەكانیان لە جیاتی ئەوەی پەرە بە توانایەكانیان بدەن زیاتر هەوڵی شكاندنی یەكتریان داوە، لەبەر ئەوەشە كە بەرپرسەكان لە ناو دامودەزگاكانی حیزبی و حكومی زیاتر هەوڵی دانانی خزم و دۆستەكانی گوێڕایەڵی خۆیان دەدەن و رێگری دەكەن كە خەڵكانی بە توانا لەناو دامودەزگاكانی ئەوان تێدا بەرپرسن كار بكەن، تەنانەت ئەگەر كەسێكی بە تواناش لە دامودەزگاكانی كە ئەوان تێدا بەرپرسن هەبێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵی شكاندن و لادانیان دەدەن، تاكو جێگای ئەوان نەگرنەوە. ئەمەش كاریگەری لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوە کردووە کە کەمتر خەڵکانی شـــیاو لە جێگای شـــیاو لە ناو دامودەزگاکانی حیزبی و حکومی هەرێمی کوردستان دابنرێت .

### ج_ دەرهاوێشتەی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان بە پێی سەنتێزی دیسکۆرسەکانی کولتووری

ئەلمۆند و وربا باوەڕیان بەوە هەبوو کە وڵاتەکان لە بابەتی بیروباوەڕەکان، تێڕوانینەکان، نۆڕمەکان و تێگەیشـتنەکانی سـیاسـیان بەشـێوەیەکی جیاواز لە یەکتر کار دەکەن، چونکە کولتووری سـیاسـی بەرهەمی مێژوویی گشتی سیستمی سیاسی و مێژووی ژیانی تایبەتی وڵاتەکانە کە هەوڵ دەدات چەمکەکانی گشتی وەکو ئایدولۆژیای سـیاسـی، ئەخلاق، روحی نەتەوەیی، سـایکۆلۆژیای نەتەوەی و سـیاسـی و تێگەیشـتنی رەفتاری سیاسی هەر کۆمەڵگایەك دیار بکات و بەرەو پێشی ببات (Pye, Verba,1965: 7). زۆربەی کردەوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر تێکەڵاون و جیا لە یەك چوارچێوەی کولتووری هاوبەش هیچ مانایەکیان نیە و (گل محمدی، 1386: 147) سـەنتێزی دیسـکۆرسـەکانی کولتووری هەر کۆمەڵگایەك کولتووری سـیاسـی ئەوان دروست دەکات و کاریگەری لەسـەر رەفتاری هاوڵاتیان، سـەرۆکەکان، ستراکچەر و کارکردەکانی سیستمی سیاسیان هەیە (بینگهام و آلموند، 1375: 27) .

### ١ _ دەسەڵاتی کاریزماتیکی سەرۆکەکانی حیزبەکان

یەك لە بابەتەکانی گرنگی کە لە ناو سـیـسـتـمی سـیاسـی باس دەکرێت ئەوەیە کە سـەرۆکەکان چ جۆرە مەشـروعیەتێکیان ( مەشـروعیەتی داب و نەریتی، ئایینی، کاریزماتیك یا یاسـایی) هەیە؟ گوێ رایەڵبوونی خەڵك لە سـەرۆکەکان لەسـەر چ بنەمایەکە؟ ( لەسـەر بنەمای دابونەریت، کاریزماتیك یا یاسـایی). (آلموند، 1376: 71) .

لە ناو دیسـکۆرسـی دیمۆکراسـی خەڵك باوەڕیان بە بڕیارەکانی گشـتی و ڕای هاوڵاتیان هەیە. بڕیارەکانی سـەرۆکەکان لەسـەر بنەمای مەشـروعیەتی یاسـاییە، بەڵام لە ناو دیسـکۆرسـەکانی پاتریاکی و ئایینی خەڵك رەغبەتیان هەیە کە سەرۆکەکانیان کەسایەتی بەهێزیان هەبێت و باوەڕیان بە حاڵەتی قودسیەتی سەرۆکەکانیان هەیە بڕیارەکانی سـەرۆکەکان لەژێر کاریگەری مەشـروعیەتی دابونەریتەکان و ئایینەکانە (سـیونگ یو، 1377: 184 _ 185) لەسـەر ئەو بنەمایە سـەرۆکەکان پێگەیەکی سـەرتر لە خەڵکی ئاسـاییان هەیە، لە دیسـکۆرسـی دیمۆکراسـی سـەرۆکەکان بە بەشـێك لە خەڵك دەزانرێن کە بە دەنگی خەڵك نوێنەرایەتیان بەدەستهێناوە و کاری سیاسی وەکو پیشـەیەکی ئاسـایی سـەیر دەکرێت و هەموو کەسـێك ئەو مافەی هەیە کە هەوڵی بەدەسـتهێنانی دەنگی خەڵك بدات و ببێتە سـەرۆك، بەڵام لەناو دیسـکۆرسـەکانی پاتریاکی و ئایینی دەسـەڵات حاڵەتێکی تایبەتە کە تەنیا دەبێت لە دەستی هەندێك لە بنەماڵەکاندابێت و بۆ هەموو خەڵك نیە کە ببنە خاوەنی دەسـەڵات (سـیونگ یو، 1377: 186). سـەرۆك لە سـەرەوەی دەسـەڵاتدا دەبێت کە هەندێك لە

نوخبەکانی وەفادار بەو لە دەوروەبەری کۆ دەبنەوە و چاودێری کارەکانی خەڵکانی ئاسایی ناو کۆمەڵگا دەکەن و بەشداریکردنی خەڵك لەناو پرۆسەی سیاسیش بەشێوەیەکی ورد لە ژێر چاو دەگرن تاکو بەویست و ئازووی ئەوان کار بکەن (Huntington, 1967: 203). بە پێی تیۆری ماکس وێبر ئەگەر کۆمەڵگایەك لە حاڵەتی گەشەکردن بێت و بەو ئەندازەیە گەشەی کردبێت کە کۆمەڵگا نەتوانێت بەپێی دابونەریتەکان ئیدارە بکرێت و بەو ئەندازەیەش گەشەی نەکردبێت کە بەپێی یاساکان ئیدارە بکرێت، لەو قۆناغەی مام ناوەندی سەرۆکەکان پەیدا دەبن کە دەسەڵاتی کاریزماتیکیان هەیە و کۆمەڵگا لەژێر بڕیارەکانی ئەوان بەشێوەیەکی کاریزماتیکی ئیدارە دەکرێت، بڕیارەکانی ئەوان لەجێگای دابونەریتەکان و یاساکان کاری پێ دەکرێت و لایانگرانیان ڕەخنە لە بڕیارەکانیان ناگرن، بەڵکو تەنیا بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن بێ ئەوەی گرنگی بەوە بدەن کە ئەو بڕیارانە دروستن یا هەڵەنە .

گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەنتێزی کولتووری مۆدێرن، پاتریاکی و ئایینی لە کۆمەڵگای کوردی کاریگەری لەسەر مێژووی سیاسی کورد هەبووە و هەندێك سەرۆکی گەورەی کاریزماتیکی پەیدا بووینە و بەشێوەیەکی باش توانیان خەڵک مۆبالیزە بکەن بۆ ئەوەی داوای مافەکانیان بکەن، وەکو شیخ عبیداللە نهری، شێخ عبدالسلام بارزانی، شێخ محمود بەرزنجی، شێخ سعید پیران، شێخ احمد بارزانی، قازی محمد و مەلا مصطفی بارزانی کاریگەری زۆریان لەسەر بزافی رزگاریخوازی کورد هەبووە. ئێستا بەپێی گۆڕانکارییەکانی کە لە ناو کۆمەڵگای کوردستان ڕوویداوە و هەرێمی کوردستان داموو دەزگاکانی مەدەنی تێدا دروست کراوە و دەیەوێت کە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و یاسایی ئیدارەی خۆی بکات، بەڵام دیسان بەو ئەندازەیە گەشەی نەکردووە کە بە پێی یاسا ئیدارەی خۆی بکات. ئەمەش فەزایەکی سیاسی دروست کردووە کە سەرۆکی حیزبەکان بەشێوەیەکی کاریزماتیك دەسەڵاتیان لەسەر ڕێکخستنەکانی حیزبەکانیان هەبێت و بتوانن لایانگران و ئەندامەکانیان بۆ هەر مەبەستێکی سیاسی مۆبالیزە بکەن. لە ناو رای گشتی خەڵکی ئاسایی هەرێمی کوردستانیش هەست و سۆز لە لۆجیك و عەقڵ گرنگیەکی زیاتری هەیە. سەرۆکی حیزبەکان زۆر بە باشی توانیانە کەڵك لە هەست و سۆزی خەڵك وەرگرن و پێگەیان لە ناو حیزبەکانیان و کۆمەڵگا بەهێز بکەن و تا لە ژیان مابن هەر وەکو سەرۆکی حیزب بمێننەوە و دامودەزگاکانی حیزبەکانشیان بێ ئەوەی کە گرنگی بە پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامەکانیان بدەن زیاتر لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی کاریزماتیکی ئەوان کارەکانیان ئەنجام دەدەن، تەنانەت زۆر کەس کە لەبەر بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکەیان ناکۆك لێهاتوونە و ڕۆیشتینە حیزبێکی تریان دروست کردووە، ئەوانیش وەکو سەرۆکی حیزبەکەی رابردوویان وازیان لە دەسەڵات نەهێناوە.

لێرەدا لە جیاتی ئەوەی ڕەخنە لە کەسەکان بگرین، پێویستە کە بیر لە ئەوە بکەینەوە کە چ جۆرە پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان دیسکۆرسەکانی کولتووری دروست بکەین، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش کەڵك لە کولتووری پاتریاکی و ئایینی وەربگرین، تاکو حیزب کە لە ناو دیسکۆرسی مۆدێرن پەیدا بووە بەشێوەیەکی باشتر لەناو دیسکۆرسی دیمۆکراسی کار بۆ بەرژەوەندی گشتی و گەشەکردنی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر سەرۆکەکان بتوانن کارێکی باش لەسەر پەیوەندی کۆمەڵگا و سەنتێزی دیسکۆرسەکانی کولتووری بکەن، کاریگەری ئەرێنیان لەسەر سیستەمی سیاسی دەبێت و کۆمەڵگا بەرەو گەشە کردن دەبەن، بەڵام ئەگەر نەتوانن کۆمەڵگا سەر لەنوێ بۆ کولتووری داب و نەریتەکان دەگەڕێتەوە و ناهاوئاهەنگی و دژایەتی لە نێوان دیسکۆرسەکانی کولتووری و ناسەقامگیری لە ناو سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت.

### ٢ _ بەشداری سیاسی شوێنکەتوویی هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی

زانایەکانی وەکو ئەفلاتۆن، ئەرستۆ، مۆنتسکیۆ، توکویل، رۆسۆ، دیوید هیۆم، ادموند برگ، ماکس وێبر و رابرت پاتنام باسی فرە کولتووری سیاسی لە ناو کۆمەڵگاکانیان کردووە (بنگر بە: گل محمدی، 1394) بەڵام لێرەدا باسی جۆرەکانی کولتووری سیاسی دەکەین کە پێشتر گابریل ئەلمۆند و وەربا باسیان لەسەر کردووە و باوەڕیان هەبوو کە کولتوور و ستراکچەری ئیداری پەیوەندی بەرامبەریان لەگەڵ یەکتر هەیە و (ال غفور، 1375: 121) سەبارەت بە پەیوەندی کولتووری سیاسی و دیمۆکراسی باسی سێ جۆری کولتووری سیاسی دەکەن. یەك: کولتووری سنورداری دیاریکراو یا لۆکاڵی و کورتبینانە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدایە کە هاوڵاتیانی زانیاری کەمیان لەسەر سیستەمی سیاسی هەیە و لە ناو کاروباری سیاسی تەداخول ناکەن. دوو: کولتووری شوینکەوتوویی یان گوێڕایەڵبوون، هاوڵاتیانی ئەو کۆمەڵگایە زانیاریان لەسەر سیستەمی سیاسی و بڕیارەکانی سیاسی هەیە و کەمتر دژایەتی بڕیارەکانی حکومی دەکەن و کەمێك کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی سیاسی هەیە، بەڵام زیاتر لە ژێر کاریگەری بڕیارەکانی حکومەت دانە و بەشداری سیاسی ناکەن. سێ: کولتووری سیاسی بەشداری، خەڵك زانیاریان لەسەر کارکردەکانی سیستەمی سیاسی هەیە و لەناو پرۆسەی سیاسی بەشداری چالاکیان هەیە (See: Gabriel and Verba, 1963 ). زانایەکانی وەکو ئەلمۆند و وربا لە 1963, بارنز ، کاس و هاوکارانی 1979، بکر، دالتۆن، هیلدر، برانت 1981، پۆتنام 1996، اینگلهارت، دویچ و تدوین 1997، هۆفر برت و کینگمن 1999، فاز و پۆتنام، میشلر و رۆز براتۆن و ماتس 2000، طیبسۆن 2001، دالتۆن 2002، دایمۆند، نۆریس 2003 باوەڕیان بەوە هەیە کە چارەنووسی سیستەمی سیاسی پەیوەندی بە تێروانینەکانی سیاسی و نۆرمەکانی خەڵك لە ناو کۆمەڵگا هەیە و کاریگەریان لەسەر دیمۆکراسی یان نادیمۆکراسی بوونی سیستەمەکانی سیاسیش هەیە ( اینگلهارت و ولزل، 1394: 323 _ 324).

لەسەر بنەمای دیسکۆرسی دیمۆکراسی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی بەشداری دەکەن و لەسەر بنەمای پرۆگرامەکانی حیزبەکان و کەسەکان دەنگیان پێ دەدەن، حیزبەکان و کەسەکانیش لەسەر بنەمای پرۆگرامەکانی جیاواز ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن (Muirhead, Rosenblum, 2019: 82_83).
هەروەکو کارل مانهایم باس دەکات لەناو کۆمەڵگاکانی کە کولتووری دیمۆکراسی تەواویان نیە هەرکات کە دەرفەت بەخەڵك بدەن لەپرۆسەیەکی سیاسی دەنگ بدەن، ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە لەسەر بنەمای ویژدانیان بەدروستی دەنگ بە خەڵکانی بەتوانا بدەن و هەست بە بەرپرسیاریەتی دروست بکەن ئەوان بەشێوەیەکی نادروست دەنگەکانیان دەدەن ( مانهایم، 1394: 17). پابەندبوونی تاکەکان بە دابونەریتەکانی کۆمەڵگا لەکاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگدان وەکو ئامرازێك كێشە بۆ ئازادی لەناو كۆمەڵگا دروست دەكات ( Antonio 210_209 :2016) Y, Arroyo,و رێگر دەبێت كە خەڵك بە ئازادی دەنگیان پێ بدەن.

لە هەرێمی كوردستان لەژێر سێبەری سەنتێزی دیسكۆرسەكانی كولتووری هەڵبژاردنەكان ئەنجام دەدرێن. بەشـــداری خەڵك بۆ دەنگدان لەژێر كاریگەر دابونەریتەكانی كۆمەڵگا دایە، ئەمەش بویتە هۆی ئەوەی كە كولتووری سیاسی بەشداری شوێنكەوتوویی هاولاتیان لەناو پرۆسەی سیاسی دروست ببێت و پێوەری دەنگدانی زۆر لە خەڵك بۆ ئەندام پەرلەمانەكان لەسەر بنەمای عەشیرەتی و دابونەریتەكانە، سەرەڕای ئەوەش ئەو پێوەرەش لەبەر چاو دەگیرێت كە ناوزەدەكە چەند بەشداری تازییەكان و سەردانی نەخۆشەكانی ئەوانی كردووە، ئەمەش كولتووری سیاسی دەسەلاتخوازی پۆپۆلیستی لە هەرێمی كوردستان دروستكردووە. ئەگەر نوخبەكان و سیاسەتمەدارن بەشێوەیەكی دروست نەتوانن سەركردایەتی پەیوەندی كۆمەڵگا و ئەو كولتوورەی سیاسی بكەن هەڵبژاردنەكان زیاتر هەرێمی كوردستان بۆ قۆناغی عەشایری و دابونەریتی كۆن دەگەڕێننەوە. نەبوونی هەماهەنگی و مساومە لە ناو خەڵك كاریگەری نەرێنی لەسەر سیستەمی سیاسی دروست دەكات و ململانێی عەشیرەتی بۆ ناو سیستەمی سیاسی دەگوازێتەوە و ناسەقامگیری لە ناو كۆمەڵگا دروست دەكات. بۆیە زانیاری لەسەر تێكەڵكردنی كولتووری سیاسی كوردستان و تێگەیشتن لە كاریگەری گۆڕانكاریەكانی كولتووری لەسەر ستراكچەری سیاسی دەتوانێت كاریگەری زۆری لەسەر سەقامگیری هەرێمی كوردستان هەبێت .

### ٣ _ نەبوونی روحیەتی مساومە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و حكومەت

كولتووری سیاسی دیسپلین و مانا بە پرۆسەی سیاسی دەدات و ژێرخان و چوارچێوەی رەفتاری حكومەت لەناو سیستەمی سیاسی دروست دەكات (Diamond, 1994: 8 ). لە سیستەمەكانی كە مەشروعیەتیان لە خوارەوەیە لایانەكانی سیاسی بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان زیاتر گرنگی بە هەماهەنگی و هاوكاری و یەككگرتوویی لە نێوانیان دەدەن، ئەگەر لایانەكان نەیانتوانی ئەم كارە ئەنجام بدەن ئەوكات پەنا بۆ بەكارهێنانی توندوتیژی لە دژی یەكتر دەدەن ( بینگهام و آلموند، 1375: 28 ) لایانەكانی سیاسی بەهێز دەرئەنجامەكانی شكست لە هەڵبژاردنەكان قبوڵ ناكەن كە وەكو ئۆپۆزیسیۆن ململانێ سیاسی لەگەڵ حیزبی براوە بكەن، هەر لایەك دەیەوێت كە بەشێك لە كێكی دەسەلاتی بەر بكەوێت، بەلام لە دیمۆكراسی رۆژئاوا گرنگی بە ململانێ سیاسی دەدرێت و حیزبەكان دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردن قبوڵ دەكەن و حیزبێك كە شكستی هێناوە وەكو ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێز كارەكانی سیاسی ئەنجام دەدات (سیونگ یو، 1375، 184) جیاوازی پانتای كاری سیاسی لە وڵاتەكانی دیمۆكراسی و نادیمۆكراسی لەوەدایە كە لە وڵاتانی نادیمۆكراسی بۆ گەیشتن بە دەسەلات رێگای شەر و توندوتیژی بەكار دێنن، بەلام لە وڵاتانی دیمۆكراسی بۆ گەیشتن بە دەسەلات لەگەڵ یەكتر ململانێی سیاسی دەكەن و شەر و توندوتیژی لە دژی یەكتر بەكارناهێنن (كشاورز، 1375: 193) لە سیستەمەكانی نادیمۆكراسی لایەكانی سیاسی لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن دەسەلات بەدەست بگرن تاكو دەسەلات بۆ بەرژەوەندییەكانیان بەكار بێنن(Marcel, Armen 2017: 31) ..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەنتێزی کولتووری لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ئەوە دروست کردووە کە زۆربەی بەرپرسەکان لە ناو دامودەزگاکانی سیستمی سیاسی ڕەخنە قبول نەکەن و جیاوازی لەنێوان ڕەخنەگرتنی روخێنەر و بونیاتنەر دانانێن. لە واقعدا رەخنەگرتنی بونیاتنەر دەبێتەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا. ئەمەش کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لەناو کۆمەڵگای کوردستان دروست کردووە، ڕێگر بووە کە ئۆپۆزسیۆن رۆڵێکی بەهێزی لەسەر بڕیارەکانی حکومەت هەبێت و حالەتی حاکم و محکومی لە ناو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. ئۆپۆزیسیۆن محکوم بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت بێت و تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەسەڵاتن دابین دەکرێت و بەرژەوەندی ئۆپۆزیسیۆن دابین ناکرێت. ئەم بارودۆخە بویتەهۆی ئەوەی کە زۆربەی لایەنەکانی سیاسی بە هەموو شێوەیەك هەولی ئەوە بدەن تاکو لە ناو سیستمی سیاسی کوردستان ببنە خاوەنی دەسەلات و لە حکومەت بەشداری بکەن، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بووە کە لە هەرێمی کوردستان حکومەتی بنکە فراوان یا حکومەتی یەکگرتوو لە نێوان حیزبەکانی بەهێزی کوردستان پێکهاتوونە تا بەرژەوەندییەکانی هەموو حیزبەکانی بەهێز دابین بکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوە دروست کردووە کە هەموو کات لەدوای هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەیەکی زۆر دوابکەوێت .

## ٤ _ گرنگی دان بە ناسنامەی جەستەی لەناو سیستمی سیاسی

رونالد اینگلهارت بە دیراسەکردن لەسەر 16 ولاتی رۆژئاوایی هەولی ئەوەی داوە کە نیشان بدات بیروباوەری ئایینی چەند کاریگەری لەسەر رێژەی بەشداری ئافرەتان لەناو پەرلەمانەکاندا هەبووە، ئەو بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە لەو ولاتانەی مسیحی کە باوەڕیان بە مەزهەبی پرۆتستان هەبووە رێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان زۆر زیاتر بووە لەو ولاتانەی کە مەزهەبیان کاثولیك یا ئەرسۆدۆکس بووە (اینگلهارت، 1395: 55) گۆڕانکارییەکانی سەردەمی هاوچەرخ لە ناو دیسکۆرسی دیمۆکراسی لەسەر بنەمای گەشەکردنی یەکسانی رەگەزی و نۆرمەکانی کە پەیوەندی بەم بابەتە هەیە (اینگلهارت، ولزل، 1394: 24) هەرچەند ئەم بابەتە لە ناو رۆژئاواشدا مێژووییەکی زۆر دووری نیە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دیمۆکراسی وەکو چەمکێکی رەها گەشەی نەکردووە بەڵکو ئەویش لە حاڵەتی گەشەکردندایە (اینگلهارت، ولزل، 1394: 34).

گۆڕانکارییەکانی کولتووری کاریگەری لەسەر رۆڵی رەگەزیش لەناو کۆمەڵگاکان هەبووە (اینگلهارت، ولزل، 1394: 49) ئەمەش وایکرد کە لە هەرێمی کوردستانیش گرنگی بە رۆڵی رەگەزی مێ لە سیستمی سیاسی بدرێت، لە پەرلەمانی کوردستان رێژەیی 30%، لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان رێژەیی 30% ، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش رێژەیی 25% بۆ بەشداری ئافرەتان دیاریکراوە (یاسای ژمارە 2 ، 2009 و یاسای ژمارە 21، 2011 و دەستوری هەمیشەیی عێراق، 2005). تەنانەت لە زۆر لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستانیش رێژەیەك بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە سەرکردایەتی حیزبەکان دیاری کراوە، بەڵام کولتووری پاتریاکی و بەهەڵە تێگەیشتن لە ئایین رێگری لەوە کردووە کە ئافرەتەکان بتوانن بەشێوەیەکی راستەقینە لە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان مافەکانیان بەدەست بێنن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥ _ تێکشکاندنی سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە ناو داموو دەزگاکانی حکومی**

جمیز کلمەن، بۆردیۆ، پۆتنام، لین و فۆکۆیاما زانایەکانی گەورەنە کە کاریان لەســـەر کاریگەری پانتای ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کردووە (اکبری، 1394: 61). ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی بە پەیوەندییەکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لەناو دامودەزگاکانی فەرمی و نافەرمی کۆمەڵگا دادەنێن کە ,Kawachi, 2001) (31بەشـــێوەیەکی بەردەوام لە رابردووی کۆنەوە لە نێوان ســـتراکچەری پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرهەم هاتووە و(Lake and Huck ,1988: 576_580)کاریگەری هەیە تاکو خەڵك لە ناو کۆمەڵگا باشـــتر کار لەســـەر ئامانجەکانی هاوبەشـــیان بکەن (اکبری، 1394: 61) کاریگەری لەســـەر کەمترکردنی لێکترازانەکانی کۆمەڵگا هەیە. سەرمایەی کۆمەلایەتی سەروت و سامانێکی نادیاری کۆمەڵگایە کە هاوڵاتیانی کۆمەڵگایەك لە روانگەی روحی و ســـایکۆلۆژی ئامادە دەکات تاکو بەشـێوەیەکی کۆمەڵ کارەکان ئەنجام بدەن (غفوری و جعفری، 138: 211).

بەهاتنی فکری نوێگەرایی بۆ نـاو فکری کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی و ئیســـلامی دوو فاکتەری زانســـت و دیمۆکراســـی گرنگیان پەیداکرد و رۆشـــنبیرەکان ئەو دووەیان بۆ گۆڕانکاری کردن لەناو کۆمەڵگاکان بە پێویستزانی، فاکتەری یەکەم پێویستی بە عەقڵانیکردنی شێوەی رەفتاری تاکەکان هەبوو و فاکتەری دووەمیش پێویســـتی بە دروســـتکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و حکومەتێکی مەشـــرووتە هەبوو. (کاظمی، 1382: 141) زۆرینەی رۆشنبیرەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەسیری تێگیشـتنی رۆکێشـانەی ئەوروپایی لێهاتن کە هەمان نیمچە مۆدێرنیســـم بوو، چونکە نوێگەرایی ئەوروپایی لەناو پانتایی گۆڕانکارییەکانی دیاریکراوی رۆژئاوایی لە دایك بووە، بەڵام نیمچە نوێگەرایی وڵاتـانی رۆژهەڵاتی بێ ئەوەی کە لە نـاو پـانتـای گۆڕانکـارییەکـانی دابونەریتی کولتووری رۆژئاوایی تێپەڕ ببن پەیدا بوو (کاظمی، 1382: 143).

لە دوای شـــەڕی جیهانی دووەم تیۆرییەکانی نوێگەڕایی پەیدا بوون کە هۆکاری ســـەرەکی گەشـــەنەکردنی دەوڵەتەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ هۆکاری ناوخۆی دەوڵەتەکان و باوەڕیان بەوە هەبوو بۆ ئەوەی کە دەوڵەتەکان گەشـــە بکەن دەبێت هەموو دابونەریت و نۆڕمەکانی خۆیان لە ناو ببەن و نۆڕمەکانی رۆژئاوایی لە ناو کۆمەڵگای خۆیان جێگیر بکەن تاکو ئەوانیش بتوانن بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشـــکەوتوو گوزەر بکەن (مکی و ملکی، 1386: 100_ 101) لەبەر ئەوەیە کە کاتێك رۆشنبیرەکان دەیانەوێت فکرەکانی نوێی رۆژئاوایی بێنە نـاو کۆمەڵگـایـان یەکەمجـار دووچـاری دژایەتی لەگەڵ ئـایین و دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگـای خۆیـان دەبن و دەیانوێت کە هەموو دابونەریتەکان و ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانیان تێك بشـــکێنن، بەڵام تیورییەکانی نوێ بۆ گەشـــەکردن باوەڕیان بەوە هەیە کە ســـیســـتمەکانی ســـیاســـی دەبێت پەیوەندی لەنێوان بڕیارەکان و ستراتیژی و نۆڕمەکانی زاڵ لەسەر کۆمەڵگا لەبەر چاو بگرن (خبیری، 1386، 78) .

مۆدێرنیتە دیسکۆرسەکانی مودێرن و دیمۆکراسی هێنایە ناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، ئەو دیسکۆرسانە بوونە ئانتی تێزی دیسکۆرسەکانی پاتریاکی و ئایینی کە سەنتێزێکی لەناو کۆمەڵگا دروستکردووە کە هاوڵاتیان

لەجیاتی ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن زیاتر هەوڵی دژایەتی و شــــکاندنی یەکتر دەدەن و لێکترازانەکانی چینایەتیشــی لە هەرێمی کوردســتان زیاتر کردووە. لە کۆمەڵگایەکیش کە هاوڵاتیان لە جیاتی ئەوەی کە هەر کەسێك کاری خۆی بە دروستی ئەنجام بدات هەوڵی شکاندنی خەڵکانی تر بدات، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێت زۆر گەشـە بکات (Putnam, 2000: 167 .)، چونکە بۆ ئیدارەکردنی دامووەزگاکانی حکومی وەکو سیستمی ئابووری، بانکی، تەندروستی، ڕێگاوبان، ئاو، کارەبا و...هتد، پێویستیمان بە خەڵکانی پسپۆڕ و پڕۆگرامەکانی باش هەیە (Muirhead, Rosenblum, 2019: 82_83). بەشـــداری شـــوێن کەوتوویی هاوڵاتیان ڕێگری لەوە کردووە کە خەڵکانی بەتوانا بتوانن پۆســتە باڵاکانی دامووەزگاکان لەناو ســیســتمی ســیاســی هەرێمی کوردســتان بەدەســت بگرن ئەمەش کاریگەری زۆری لەســەر لەناوبردنی ســەرمایەی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان کردووە. حیزبەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی بتوانن دەنگی زیاتری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان بەدەست بێنن، زیاتر گرنگیان بە ناوزەدکردن و پێدانی پۆستەکانی باڵا لەناو دامووەزگاکانی حکومی بە خەڵکانێك لەناو بنەماڵەکانی بەهێزی عەشــیرەتەکان داوە تاکو بتوانن دەنگی زیاتر بەدەســت بێنن، ئەمەش کاریگەری لەســـەر بەهێزتربوونی عەشــیرەتگەرایی و دەرەبەگایەتی لەناو کۆمەڵگای کوردســـتان کردووە و کێشەی گەورەی بۆ سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست کردووە .

ســەنتێزی دیســکۆرســەکانی کولتووری کاریگەری لەســەر تێکشــکاندنی ســەرمایەی کومەڵایەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لەبەر ئەوە لە ناو دامووەزگاکانی ئیداری هەرێمی کوردستان گەندەلی و فەسادی ئیداری بڵاوبێتەوە و کێشــەی زۆر گەورەی بۆ ســیســتمی ســیاســی هەرێمی کوردســتان دروســتکردووە. لەناو دابونەریتەکان و ئایینەکانی هەرێمی کوردستان زۆر نۆرمی باش هەیە کە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کەمترکردنی گەندەڵی و فەسـادی ئیداری و گەشـەکردنی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبێت. لەناو دیســکۆرســی کولتووری پاتریاکی زۆربەی خەڵك بەشــێوەیەکی خراپ ســەیری دزیکردن دەکەن و دزەکان پێگەیەکی زۆر خراپیان لە ناو کۆمەڵگا هەیە و زۆر خەڵك لەبەر پاراســتنی کەســایەتیان لەناو کۆمەڵگا دزی ناکەن. لە ناو دیسکۆرسی ئایینیش دزیکردن بە گوناه هەژمار دەکرێت و خوداوەند سزایان دەدات، بۆیە زۆر لە خەڵك لەبەر ترســی خوداوەند دزی ناکەن. ئێســتا خەڵکێکی زۆر لە ناو داموو دەزگاکانی حکومی دزی لە موڵکی گشــتی دەکەن، بەڵام ســەنتێزی دیســکۆرســەکانی کولتووری لە جیاتی وشــەی دزی وشــەی گەندەڵی بەکاردێنن و پێناســەی خراپی وەکو دزی لە ناو کۆمەڵگا بۆ ناکرێت و زۆر لە تاکەکانیش بەشــێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بەهێزترکردنی پێگەی گەندەڵکارانی ناو کۆمەڵگا هەیە، چونکە زۆر لە دەنگدەران لەکاتی هەڵبژاردنەکان تەنیا لەسـەر بنەمای دابونەریتەکان دەنگ بە ناوزەدەکان دەدەن، یان حیزبەکان تەنیا لەســەر بنەمای دابونەریتەکان پۆســتەکانی باڵای حکومی بە هەندێك خەڵك دەدەن، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەش بەشێوەیەکی دامەزراوەیی کارگێری دامودەزگاکانی حکومی ناکەن و وا تەسەوڕ دەکەن کە ئەم دامووەزگایانە موڵکی ئەوانە، وەکو موڵکی خۆیان تەســـەروفی تێدا دەکەن و دەســـەڵاتەکانیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دێنن، بۆیە گەندەڵی و فەسـادی ئیداری زیاتر بڵاببێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەســەر لەناوبردنی ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەناو کۆمەڵگای کوردســـتان کردووە. ئەگەر حیزبەکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگدەرەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکان یان پێدانی پۆستەکانی باڵای حکومی بە کەسەکان، گرنگی بە توانایی و شایستە بوونیان لەگەڵ دابونەریتەکان و عەشیرەتیان بدرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیسکۆرسی پاتریاکی و دیمۆکراسی وەکو تەواوکەری یەکتر کار بکەن و بە باشترین شێوە دامووەزگاکانی هەرێمی کوردستان ئیدارە بکرێن و گەندەڵی و فەسادی ئیداریش کەمتر ببێت.

**دەر ئەنجام**

دیالێکتیکی دیسکۆرسەکانی کولتووری پاتریاکی، ئایینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان سەنتێزێکی کولتووری دروستکردووە، ئەو سەنتێزە کاریگەری لەسەر بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسی کردووە کە بەشێوەی بەشداری سیاسی شوێن کەوتوویی بێت. هاوڵاتیان زیاتر لەسەر بنەمای عەشایری و خزمایەتی دەنگ بە ناوزەدەکانی هەڵبژاردن دەدەن، یان ئەو کەسانەی کە پۆستەکانی باڵای حکومی وەردەگرن، لەسەر بنەمای عەشایری، مەرایی کاری و شکاندنی خەڵکانی تر هەوڵی بەدەستهێنانی پلە و پایە دەدەن. بارودۆخی ئەمڕۆ بویتە هۆی ئەوەی کە گرنگی زۆر بە بەها رەوشتیەکان، خەڵکانی لێهاتوو و شایستە لە هەموو بوارەکان نەدرێت، بەڵکو هەڵبژاردنی تاکەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی و خزمایەتیە. ئەو کەسەی کە بۆتە بەرپرس ئەویش لەو دەزگایەی کە لێیدانراوە هەوڵی ئەوە دەدات زۆربەی خەڵکانی خزم و دۆست و گوێڕایەڵی خۆی دابنێت. بەگشتی لەناو دامووەزگاکانی هەرێمی کوردستان خەڵك لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتووی دانانرێت. بۆیە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوە کردووە کە تەنانەت لە ناو زانکۆکانیش هاوڵاتیان تەنیا هەوڵی ئەوە بدەن کە بڕوانامە وەربگرن نەك ئەوەی بەشێوەیەکی باش فێری زانست ببن. دەستتێوەردانی حیزبی لە ناو داموو دەزگاکانی حکومی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی شەخسیە نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش گەندەڵی و فەسادی ئیداری زۆری لە ناو دامودەزگاکانی حکومی بڵاوکردۆتەوە.

دیالێکتیکی ئەم دیسکۆرسانەی کولتووری زۆر کێشەی بۆ سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. حکومەت دەبێت رۆڵێکی گرنگ لە ئەندازیاری کولتووری کۆمەڵگای کوردی هەبێت، تاکو ئەو سەنتێزەی کە رەگەزەکانی باوەڕبوون بە چارەنوس و ڕزگارکەر، زهنگەرایی، رەهاگەرایی، بەرژەوەندیخوازی و گەڕان لە دەرفەتەکان بۆ شکاندنی خەڵکانی تر، گومان و پیلانگێری لەبەر دیالێکتیکی دیسکۆرسەکانی کولتووری پاتریاکی، ئایینی، مۆدێرن و دیمۆکراسی دروستکردووە بگۆڕێت و بەشێوەیەك کەڵك لە دیسکۆرسی پاتریاکی و ئایینی وەربگیرێت کە ببنە بنەمای بەهێزکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و رەمزی لە هەرێمی کوردستان کە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆیی و ئابووری کە لەبەر دیسکۆرسەکانی کولتووری مۆدێرن و دیمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان پەیدا بوونە هەبێت.

## References

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1_ Addel Lahouri. (2017). Radical Arab Nationalism and Political Islam, Georgetown University Press.
2_ Almond, Gabriel A and Sidney Verba. (1963). The Civic Culture: Political Attitudes in Five Western Democracies, Princeton, Princeton University press.
3_ Antonio Y, Arroyo. (2016). Political Responsibility, Columbia University Press.
4_ Balibar Etienne. (2018). Critical Hypotheses on Religion and Politics, Columbia University Press.
5_ chin Clayton. (2018). The Practice of Political Theory, Columbia University Press.
6_ David, Stills. (1972). International Encyclopedia of social science, Volume II, the Macmillan Company.
7_ I. Kawachi. (2001). “Social Capital for Health and Human Development”, The Society for International Development, Vol.44.
8_ James Crossley. (2018). Cults, Martyrs and Good Samaritans, Pluto Press.
9_ Jose Alberto, Perez Toro. (2016). Universidad Jorge Tadeo Lozano.
10_ John J. Mearsheimer. (2018). Great Delusion, Yale University Press.
11_ Larry Diamond. (1994). Political Culture & Democracy, New York, Polity.
12_ Lucian Pye, Sydney Verba. (1965). Political Culture, Political Development, New York, Princeton University Press.
13_ Matthew Engelke. (2018). how to Think Like an Anthropologist, Princeton University Press.
14_ Maussen Marcel, Hakhverdian. (2017). “Social and political Inequality” in Political Science and Changing politics, Philip Van praag, Amsterdam University press.
15_ Putnam.R. D. (2000) Bowling alone: The Collapse and Revival of American Community, New York, Simon and Schuster.
16_ Richard Wilson. (1992). Compliance Ideologies, New York, Cambridge University Press.
17_ Ronald Lake and Robert Huck feldt. (1988). “Social capital, social Network, and political Participation”, political Psychology, Vol.19, No3.
18_ Sabine Selchow. (2017) Negotiations of the New world, Transcript Verlag.
19_ Samuel Huntington. (1967) Military order in changing Societies, Yale University Press.
20 _ Russell Muirhead, Nancy L. Rosenblum. (2019) A Lot of People Are Saying, Princeton University Press.
21_ Shahab Ahmed. (2016) what is Islam, Princeton University Press.
٢٢_ احمدی گل محمدی. (بهار ١386). درآمدی بر تبیین فرهنگی سیاست _ نگاهی به رهیافت فرهنگ سیاسی در علم سیاست. پژوهشنامه علوم سیاسی، شماره 6.
٢٣_ احمد گل محمدی. (1394). فرهنگ سیاسی درآمدی بر شناخت و سنجش، تهران، دانشگاه علامه طباطبایی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٤_ تقی آزاد مکی، امیر ملکی.( 1386 ). تحلیل ارزشـــها ی ســـنتی و مدرن در ســـطوح خرد و کلان. نامه علوم اجتماعی، شماره 30.
٢٥_ جی بینگهام، گابریل آلموند. (1375). جامعەپذیری سیاسی و فرهنگ سیاسی. ترجمه علیرضا طیب، فصلنامه اگلاعات سیاسی _ اقتصادی، شماره 113و 114.
٢٦_ دال سیونگ یو. (1377). فرهنگ سیاسی و توسعه سیاسی مطالعات تطبیقی کره و ایران )) فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره 40، شماره، تابستان.
٢٧_ دەستوری هەمیشەیی عێراق سالی(2005).
٢٨_ رونالد اینگلهارد. (1395). تحول فرهنگی در جامعه پیشرفته صنعتی، ترجمه مریم وتر، تهران نشر کویر.
٢٩_ رونالد اینگلهارت و کریستین ولزل. (1394). نوسـازی، تغییر فرهنگی و دموکراسـی، ترجمه یعقوب احمدی، تهران، انتشارات کویرن ، چ 2 .
٣٠_ ژان اریك لین، اووه واگشـتال. (1394). فرهنگ و سـیاسـت، ترجمه نرگس حسـن لی، تهران، انتشـارات امیر کبیر.
٣١_ سید محمد تقی ال غفور. (زمستان 1380). خاستگاه فرهنگ سیاسی ایران معاصر. فصلنامه علوم سیاسی، سال چهارم، شماره شانزده.
٣٢_ سید محمد تقی، ال غفور. (تابستان و پاییز 1375). نقش فرهنگ در ساختار سیاسی ایران معاصر، نقد و نظر، شماره 7 و 8.
٣٣_ علی اصغر کاظمی. (1382). بحران نوگرایی و فرهنگ سیاسی در ایران معاصر. نشر قومس، تهران، چ2.
٣٤_ عباس مصلی نژاد. (پاییز، 1387)تحلیل فرهنگ سیاسی در ایران معاصر بر اساس رهیافت گفتمانی. مطالعات سیاسی، شماره 1.
٣٥_ علی ربانی، فرهاد شـایگان. (زمسـتان 1389). فرهنگ سـیاسـی ایران و مولفەهایش. فصـلنامه سـیاسـت، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره 40، ش4.
٣٦_ عباس کشاورز. (تابستان و پاییز، 1375). درامدی بر فرهنگ سیاسی در ایران. مجله نقد و نظر، شماره 7 و 8.
٣٧_ عباس مصلی نژاد. (پاییز 1387). تحلیل فرهنگ سیاسی در ایران معاصر بر اساس رهیافت گفتمانی. فصلنامه مطالعات سیاسی، دوره 1، شماره 1.
٣٨_ غلامرضـــا خواجه ســـروی، فیروزه رادفر. (بهار 1396). تبیین تحول گفتمانی فرهنگ ســـیاســـی: مطالعات موردی فرهنگ سیاسی ایران. فصلنامه رهیافت انقلاب اسلامی، شماره 38.
٣٩_ کابك خبیری. (زمستان 1386). فرهنگ سیاسی، مقایسه دو سطح تحلیل داخلی و بین الملل. فصلنامه راهبرد، شماره 17.
٤٠_ کارل مانهایم. (1394). دموکراتیك شدن فرهنگ. ترجمه پرویز جلالی، تهران، نی، ، چ 5.
٤١_ گابریل آلموند. (1376) چارچوب نظری برای سـیاسـت تطبیقی. ترجمه علیرضـا طیب، تهران، مرکز آموزش مدیریت دولتی.
٤٢_ لس بك و دیگران. (1394)مقدمەایی بر جامعه شناسی فرهنگ. ترجمه غلامرضا حداد، تهران، انتشارات امام صادق.
٤٣_ محمد سـالار کسـرایی، علی پوزش شـیرازی. (پاییز 1388). نظریه گفتمان لاکلاوموفه ابزاری کارآمد در فهم و تبیین پدیدەهای سیاسی. فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره 39، شماره 3.
٤٤_ محمد علی اکبری. (بهار و تابستان 1394). رویکردی تاریخی بر شکل گیری و تحول نظریه سرمایه اجتماعی. فصلنامه جامعه شناسی تاریخی، دوره 7.

٤٥_ محمد غفوری، روح الله جعفری. (بهار 1387). سـرمایه اجتماعی، جامعه مدنی و دموکراسـی، رابطه متقابل یا يك سويه. پژوهاشنامه علوم سیاسی، سال سوم، شماره دوم.
٤٦_ محمد مشکات، محسن فاضلی. (پاییز 1395). بررسی مفهوم آزادی از نظر آیزا برلین. فصلنامه پژوهش های علوم انسانی، سال هشتم، دوره جدید، سال اول، شماره سوم.
٤٧_ یاسـای ژمارە 21 ی. (سـالی 2011). یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسـای هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە 4 سالی 2009.
٤٨_ یاسـای ژمارە 2 ی. ( سـالی 2009). یاسـای هەموارکراوی چوارەمی یاسـای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردستان – عیراق ژمارە 1 ی سالی 1992 ی هەموارکراو.

# The impacts of cultural discourses on the political system of Kurdistan Region

**Salih Omar Issa**

Department of Political System & Public Policy, Collage of Political Sciences, Salahadin University, Erbil- Iraq

salihomarissa@yahoo.com

***Keywords:*** Kurdistan Region _ cultural discourses _ Patrimonialism_ Modernity_ Democracy

## Abstract

The Kurdistan Region holds four cultural discourses: patrimonialism, religiosity, modernity and democracy. The dialectic of such discourses, have molded several elements of predestination, subjectivism, absolutism, interest seeker and opportunism, skepticism and conspiracy in the Kurdistan Region.

Although these elements have impacted the Kurdistan Region in such a way that the parties' leaders gain charismatic power, but adversely caused people’s political-dependent participation, lack of cooperation between opposition and government and destruction of human and social capital in government agencies.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

This research aims to resolve the issues of the political system of the Kurdistan Region, by proposing the multilateral involvement of elites, intellectuals, and politicians on these cultural discourses to positively influence the development of the political system of the Kurdish Region.

Kurdistan Region _ cultural discourses_ Patrimonialism_ Modernity_ Democracy

## آثار الخطابات الثقافية على النظام السياسي لإقليم كردستان

### ملخص

في إقليم كوردستان تتواجد أربعة خطابات (إتجاهات النقاش): ثقافي بطرياركي (ثقافة سلطة الرجال)، ديني، معاصر وديمقراطي، وتنبثق من جدلية هذه الخطابات في الأقليم عدة عناصر، مثل الأعتقاد بالمصير و المُنقذ، الذهنية، المُطلقية، المصلحية والبحث عن الفرص، الشك والتآمر.
وقد خلقت هذه العوامل التأثير في النظام السياسي في إقليم كوردستان، ليكون لرؤساء الأحزاب السياسية سلطة كاريزمية، وتصبح مشاركة الناس في العملية السياسية بشكل مشاركة سياسية- تبعية (غير مستقلة)، ويصبح مجال المساومة أو التوافق بين السلطة و المُعارضة ضيقاً جداً، وبالتالي يتحطم الرأسمال البشري و الأجتماعي في المؤسسات الحكومية.
يقترح هذا البحث لمعالجة مشاكل النظام السياسي في إقليم كوردستان وجوب عمل النُخب، المثقفين و السياسيين على هذه الخطابات المختلفة، بصورة تؤثر فيها وتجعلها مكّملّة لبعضها، ليكون لها تأثير إيجابي على تطور النظام السياسي في إقليم كوردستان.